

نەژاد چاوەڕێی دەکات

ئەوەشی ڕوونکردەوە " ئێران تا ساڵی نەوەدەکان تیرۆری فیزیکی خەڵکی دەکرد، بەڵام ئێستا ئێران ئەو شێوازە تیرۆرەی گۆڕیووە، ئێستا تیرۆری کەسایەتیەکان و تیرۆری مێژووی، تیرۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، وادەکات کە ئێرە بە ناوچەیەکی مەترسی سەیربکرێت بۆ وڵاتانی دراوسێ " .

عارف باوەجانی ئەوەشی خستەڕوو کەوا ئێران بەهەموو شێوە یەک پیلان و موئامەرە ئەنجام دەدات .

گووتیشی " ئەو پیلانانەش بەشێوەی جیاواز جیاواز دەکرێن، بۆنمونە مەسەلەی قانعی فەرد کاتێک لە ماوەی ڕابردوو بۆ مێژووی کورد زیندوو کرایەوە " .

سەرۆکی پارتی سەربەستی مەترسییەکی گەورەی خستەڕوو کە زۆر جار خەڵکانێک بە ناوی کاری ڕۆژنامەنوسیەوە مەرامی تایبەتی خۆیان دەخنەڕوو و کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیتلاعاتی ئەو وڵاتە وەکو سەرچاوە بەکاریان دەهێنێت گووتیشی " ئێران زۆر بە ئاسانی دەیەوێت ڕابردووی کورد لەسەر بەڵگە تەزویرەکانی بشێوێنێت و ئاژاوەگێڕی لە کوردستان بڵاوبکاتەوە، وێڕای ئەوەش هەوڵێکی تەواو دەدرێت بۆ ئەوەی پشێوی و ئاژاوە بکەوێتە نێوان پارتی و یەکێتیەوە" .

لەبەرانبەر ئەو پرسیارەی کە بۆچی پارتی سەربەستی حکومەت لەم مەترسیە ئاگادار ناکاتەوە،عارف باوەجانی ئەوە دەخاتەڕوو پارتی و یەکێتی باش دەزانن موئامەرەی ئێران چۆنە و حکومەت باش درک بە هەوڵەکانیان دەکات گووتی " مێژوو ئەوەی سەلماندووە ئەگەر ئێمە لە ناو خۆمان یەکگرتوو نەبین ئەوە زەرەر دەکەین، ئەو کاتەی ئێمە تەبابین و لەگەڵ یەکتر ئەو کاتە دوژمن لەبەرانبەر ئێمە هیچی بۆ ناکرێت " .

دەربارەی هەوڵەکانی ئێران لە ناو عێراقیش سەرۆکی پارتی سەربەستی دەڵێت " ئێران لە ناوچە شیعە نشینەکانی عێراق ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بە ئاشکرا لە نەجەف و کەربەلا ناوەندی جۆرا و جۆری هەیە "، گووتیشی " ئەو ناوە ندانەش ناوەندی جاسوسین و بە دەیان کەسیان لەو شوێنانەوە فڕاندووە "، ئاماژەی بەوەشدا ئەمەریکیەکان بەدەیان جار ڕاپۆرتیان لەو بارەوە بڵاوکردۆتەوە و ماوەیەکیش کونسوڵگەری ئێرانیان لە بەغدا دەستگیر کرد و لە هەولێریش هەروا، بەڵام زۆرێک لەو کارانەی دەکرێت لە ناوچە شیعیەکان بەشاراوەی دەکرێن" .

سەرۆکی پارتی سەربەستی ئەوە ڕوون دەکاتەوە بەم هۆیەوە ئەمەریکا نایەوێت بە تەواوەتی لە عێراق بکشێتەوە، بۆیە ئەمەریکا تەنها هێزی سەربازی دەکشێنێتەوە، لەو شوێنانەی کە پێویستی نیە چونکە نایەوێت مەیدانی عێراق

***ئێران لەڕێگای چەند دامودەزگایەکی خۆیەوە هەوڵێ تەزویرکردنی چەند بەڵگەنامەیەک دەدات کە پەیوەندی بە سەر کردەکانی کوردستان و حزبە کوردستانیەکانەوە دەبێت**

چۆڵبکات بۆ تورکیا و ئێران، گووتی" ئێران دەیەوێت کێشەیەک بدۆزێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست بۆ ئەوەی ئەمەریکا لە خۆی دوور بخاتەوە، جارێکیان جەنەڕاڵێکی ئەمەریکی پرسیاری لێکردم لە واشنتۆن بۆچوونی منی وەرگرت من پێم گووت (قەد جارێکی دیکە ئێرانێکی یەکگرتوو دروست نابێتەوە)، چوونکە زۆربەی پێکهاتەو قەومیەتەکانی ئێران لەبن دەستی فارس زۆر چەو ساونەتەوە و ئاستەمە جارێکی دیکە ئێرانێکی یەکگرتوو یەکبگرێتەوە، چونکە ئەو میلەتانەی ژێردەستی ئێران زۆر هۆشیار بوونەتەوە، بۆیە دەکرێت ئێران لە ئاییندە وەکو یوگوسلافیا و یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بە هەرێمی جیا جیا بمێنێتەوە " .

دەربارەی نەبوونی چالاکی سەربازی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی ئاماژەی بەوەدا حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر چالاکی سەربازیان نیە لە دژی ئێران هۆکارەکەی ئەوەیە باری ئارمی کوردستان تێک نەچێت، ئەوەشی ڕوون کردەوە هێرش نەکردن بۆ سەر ئێران کارێکی باشە، گووتی " چونکە کۆماری ئیسلامی بە کلاشینکۆف ناڕووخێت" .

گووتیشی" هەرکەسێک بەپێی توانایی خۆی شتی کردووە، بەڵام گلەی هەیە هاوکاریەک لە نێوانیان بەدی ناکرێت" .

***ئێران لە ناوچە شیعە نشینەکانی عێراق ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بە ئاشکرا لە نەجەف و کەربەلا ناوەندی جۆرا و جۆری هەیە**